# ڕژێمی بەعس زۆر هەوڵی لە گۆر نانی زمانی کوردیدا بەڵام بۆی نەکرا، ئەفسوس ڕاگەیاندنی کوردی وا خەریکە لە ناوی ئەبات.!!!

گەشبیر ئەحمەد
Gashbir@hotmail.com

گەورەترین کارەسات ئەوەیە کە بە دەستی خۆمان زمانی کوردی لە سێدارەدەدەیین.

زمان بۆ بەرگری کردەن لە گەلان لە قەڵای سەخت و ئاسنین بەهێزترە، چونکە قەڵا دەگیرێ و دەڕوخێ بەڵام زمان هیچی لێناکرێ. { خاڵ}

ڕاگەیاندن ئەو تەوەرەیە کە دەتوانێت پێکهاتەیەک یاخود نەوەیەکی تەندروست و چالاک بەرهەم بهێنێت. بە تایبەتی لەم ساتەدە کە ئێمە بە سەدەیەکی لاسایکەرەوەدا تێپەڕ دەبین شتەکان هەمووی چاولێکەرییەوەی کە لە کەناڵەکانی تەلەفیزیون دەبینرێت و دەوترێت بۆ بەیانی ئەو پۆشاکە لەبەردەکرێت و ئەو ووشانە دەوترێتەوە کە لەوێ بیسترێت. لە کاتێکدا کە سەیری بەرنامەیەک دەکەیت ئەو پێشکەش کارە بەڕێزە بە جۆرێک دەدوێت زۆە ئاستەمە لێتێبگەیت کە باسی چی دەکات ئەوەندە ووشەی بییانی بەکار دەهێنێت بۆ خۆشی نازانێت چیدەڵیت، خۆ ئەگەر سەیری بەرنامەیەکی ڕامیاری بکەیت ئەوە هەر کەڵکی نییە ئەوەندە لەم ووشانەت بەر گوێ دەکەوێت پۆزۆتیف، نەگەتیف، تۆتالیتارێتی، گۆلۆباڵیزم، ئەڵتەرناتیڤ، میتیرییەڵ... هیتر... ئەوە ووشە عرەبیەکانیس بابوەستێت کە وازی پێدەکەن لە زمانی کوردیی. لە ڕاستیدا ئەمە کاریگەری زۆر ترسناک دە کاتە سەر ئەو نەوەییەی کە گەورە دەبێت فێری ئەم ووشانە دەبێت ئەمەش وادەکات کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زمانی کوردی لە ناو دەچێت، لە کاتێکدا کە ئەرکی سەرشانی ڕاگەیاندنە کە پارێز گاری لە ڕەسەنایەتی زمان بکات. پاشان تاکەکانی کۆمەڵگا، بەڵام بەرپرسێ یەکەم دەسەڵاتە، بەداخەوە کە گرینگی بەم بوارە نەداوە . لەم کاتەدا ووڵاتە زل هێزەکان زۆر پەرە بە زمان دەدەن هەوڵ دەدەن زۆرترین کەس و ووڵات بە زمانی ئەوان ئاشنابن، چونکە دەیانەوێت لەو ڕێگەیەوە هەنگاو بەرەو جیهان گیری بنێن ، وە لەسەر ئاستی هەموو جیهان ئێستا پێشبرکێی ئەوەیە کە چی زمانێک زۆر بەکار دەهێنرێت وەکو. ئنگلیزی و فەرەنسی و ئسپانی و ئەڵمانی.. تر... کەچی بەداخەوە لە هەواڵەکانی کوردسات کوردستان زاگرۆس ئەمەم بەر گوێ کەوت لە قاعەی پەرلەمانی کوردستان قانونی ئۆیل تەسبیق کرا. لەم ڕستەیەدا تەنها یەک ووشەی کوردی بەدی دەکرێت لە ڕستیدا وام زانی هەواڵەکانی زمانی عەرەبییە کەچی کوردی بوو، ئیتر لێرەدا پرسیار زۆر دروست بۆ لەلام؟ بەداخەوە!!.. ئێمەی پەنابەری کورد لە ووڵاتانی ئەوروپا گرینگییەکی زۆرمان داوە با زمانی دایک لەم تاراوگەیەدا تا ڕادەیەک توانیومانە پارێزگاری لە وە بکەیین، وە لەهەمان کاتیشتدا هەوڵی فێر بونی زمان و زاراوەی بیانی بین چونکە { زانیینی هەر زمانێکی تر تۆ دەکات بە دوو ئەوەندە. وە هەروەها وەکو کەرەستەیەک وایە بۆ بەرگری کردن لە خودی خۆت لە هەموو کاتێکدا}

زوبان گیانی گەلە، کە زوبان هەبوو ئەوا گەلیش هەیە کە زوبان نەبوو ئەوا گەلیش نییە، هەروەها خەرمانی زوبان ووتەیە، گەنجینەکەشی فەرهەنگی ووشەیە، هەر بۆیە لە هەموو جیهان گرینگی زۆر دەدتێت بە فەرهەنگ لە ئەو ڕێگەیەوە زوبان دەوڵەمەند دەبێت، بۆئە زۆر لە زانایان و شاعیرانی کورد لە دێر زەمانەوە هەوڵیان داوە بەرگری لێ بکەن و چەندین دانسقەیان کۆکردوەتەوە بۆ ئەم مەبەستە، نمونەیان { شێخ محەمەدی خاڵ} کە بەم کارە هەستاوە وە زۆری ژیانی خۆی بۆ ئەم کارە تەرخان کرد هەتا فەرهەنگی خاڵی بەرهەم هێنا. چونکە گەلی دیلی خاوەن فەرهەنگ و زمان وەکو بەندێک وەیە کە کلیلی دەرگای بەندیخانەکەی لە گیرفاندا بێت، هەرکاتێک بیەوێ ڕزگاری بێت لە دیلی، بە کلیلی زمانی دەرگای بەندیخانەکە دەکاتەوە باوەش دەکات بە ئازادی و سەربەخۆیدا، بەڵام گەلی دیلی بێ خاوەن فەرهەنگ و زوبان وەکو بەندێک وایە کە کلیلی بەندیخانەکە لە گیرفانی دوژمنەکیدا بێت ، بەناچاری دەبێت دەستەو ئەژنۆ دانیشێت هەتا دەتوێتەوە و نامێنێت، چرای چارەنوسی هەر زوو دەکوژێتەوە.

تکایەکیشم هەیە لەگەڵ پێشنیارێک. هیوادارم ئەو بە ڕێزانیە کە لە رۆژنامەو ماڵپەڕەکانی ئەنتەرنێدا دەنوسن گرینگی بە زمان بدەن چونکە زۆر بابەت کە دەخوێنیتەوە هەندێک لە ووشەکانی زمانی بییانیین. وە پێشنیارێکەم هەیە بۆ حکومەتی هەرێم و هۆڵی ئەنجومەنی نوێنەران کە بڕیارێک دەر بکەن زمانێکی جێگیر هەڵ بژێرن بۆ ڕاگەیاندن و بواری خوێندن، چونکە ئەگەر وابێت بە عاقارێکی زۆر خراپ دا تێپەڕ دەبین.

15/07/2007

بەڕیتانیا/ داربی